# دەستوری ژووری کوردستان کورد وئیسلام (دیدی نوێ)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة و السلام على رسوله الامين محمد

وعلى آله وصحبه  أجمعين

ربنا امنا بما أنزلت واتبعنا الرسول فاكتبنا مع الشاهدين

ئیدارەی

ژووری پاڵتــۆك

تێبینی سەرەتایی :

1ـ ئیدارەی ژووری پاڵتۆك سەربەخۆیەو سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی ئیسلامی یان غەیرە ئیسلامی نیە ، هەموو ئەندامانیش دەبێ ئەم خاڵە بپارێزن ..

2ـ ئیدارەی ژووری پاڵتۆك کارێکی بانگەوازیی و رۆشنبیرییەو پەیوەندی بە فیکر و حزبایەتی سیاسی کارمەندەکانیەوە نیە .. دەشێت ئەندام کارمەندی چالاکی ئەم ژوورەش بێت و لە حزبی سیاسی ئیسلامی خۆشیدا کار بکات .

3 ـ ئەندامێتی ئیدارەی ژوور ماف و ئەرك و دەسەڵاتە ، هەر کەس بە پێی تەعلیمات ، شایەنی بوو دەتوانێت وەریگرێت ..

دەستوری ئیداریی ژووری پاڵتۆك

یەکەم : ناوو پێناسە

ماددەی یەکەم : ناو : ناوی ژوور لە کۆنگرەی گشتیدا دیاری دەکرێت و هەر لەوێشدا دەگۆررێت ..

ماددەی دووەم : پێناسە : ئەم ژوورە مینبەرێکی بانگەوازی خواییە کە لە دینی ئیسلامدا دەردەکەوێت ، ئیسلامەکەش لە روانگەی تێگەیشتنی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە بە تێگەیشتنی سەلەفی ئەم ئوممەتەوە دەبینێت  ..

دووەم : پرەنسیپە گشتیەکان ( المبادئ العامه )

ماددەی سێیەم : ئیدارەی ژوور بەم ڕێسا گشتیانەی خوارەوەوە پابەند دەبێت و بە چوارچێوەی شەرعی کارکردنی خۆی دەزانێت و بەردەوام هەوڵ دەدات ئەندامان و گوێگرانی خۆی قەناعەت پێبکات تا لەسەری ڕێکەون و پێوە پابەند بن .

1ـ ئەندامێتی ژوور بۆ هەموو ئەو موسوڵمانە کوردانەیە کە باوەڕیان وایە ئیسلام سەرچاوەی هەموو ڕەسەنێتیەکەی ڕۆحی و فیکریی دەروونی و جەستەییەکی مرۆڤە ..

2ـ ئازادی را دەربرین و ڕەخنەو کۆبوونەوە بۆ هەموو ئەندامێکی ژوور مسۆگەرە بێ گوێ دانە جیاوازی مەزهەب و توخم و زارگۆتن و ڕێبازی فیکریی و سیاسی ، بەڵام هەموو چالاکیەکی ناو ژوور کە ئەندامێك یان چەند ئەندامێك ئەنجامی دەدەن دەبێ شەرعی و یاسایی بێت ، خاوەن چالاکیەکە بەرپرسێتی دەستووریی و یاسایی لە گەردندا دەبێت ..

3ـ زمانی کوردی زمانی ڕەسمی ژوورە و ڕێز لە کەسانی تریش دەگیرێت کە بە ناچاری بە زمانێکی تر تەعبیر دەکەن و ڕێیان پێ دەدرێت بەو مەرجەی نەیێتە بابەتێکی سەرەکی موناقەشەو باس ..

4ـ ژوور هەڵناوەشێنرێتەوە تا چوار لەسەر پێنجی دەستەی باڵا و نیوەی ئیدارەیەکان و نیوەی + 1 ی رادەری کۆنگرەوان رازی نەبن .

سێیەم : ئامانجەکان

ماددەی چوارەم : ئامانجەکانی ژوور

1 ـ گەیاندنی بەلاغی دینی خوا بەو خەڵکەی کە دێنە ژوورەکەوەو گوێ دەگرن .بە مەبەستی باش تێگەیشتنەوەی کورد لە ئیسلام ، وەك بەرفراوانی فیکریی بانگەوازی پێغەمبەران و پاکی عەقیدەو چاکی پەرستنەکان و ڕەسەنی ڕەوشتیان و ئیسلامیانەی بژاڤی کۆمەڵکاریيان . هەروەها روون کردنەوەی ئیسلام بەو شێوە شەرعیەی لە ئوسولی تێگەیشتنی ئەهلی سوننەت و جەماعتەدا دارێژراوە ..

2ـ پارسەنگ راگرتنی ( ڕەسەنێتی و نوێ کردنەوە ) ئەمەش بە دوورەپەرێزی لە خراپەو پابەند بوون بە بنەماو بەها دینیە بەنرخەکانی ئیسلام ..

3ـ ناسین و کۆکردنەوەی موسوڵمانان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵکاریی گشتیدا کە هەوڵی پاراستنی بەهای دینی و مافی قەومی میللەتی کورد بدەن و ببنە هێزێکی کاریگەر بۆ هێنانەدی ئامانجی ئەهلی سوونەت و جەماعەت .

4ـ هەوڵدان بۆ هێنانی بەرژەوەندی خێر بۆ خوشك و برایانی ژوور بە تایبەتی و بەرژەوەندی موسوڵمان بە گشتی .

5ـ ئاراستە کردنی موسوڵمانانی دەرەوەی کوردستان بۆ پێکەوە گونجاندنی موسوڵمانێتی وهاووڵاتی بوون لەو وولاتانەی لێین .

6ـ هەوڵدان بۆ یەکخستنی رۆڵەکانی ئوممەتی ئیسلام کە لە رۆژئاوا دەژین ، ئەویش بە لایەنگریی و هاوکاری ژوورو ماڵپەرو کۆرو مزگەوت و کۆمەڵە ئیسلامیەکان ، بەو هیوایەی لە هەمووان یەك هەڵوێستی پێك بێت .

7 ـ ئاگادار کردنەوەی گەلانی ئوممەتی ئیسلام لەو رواداوانەی لە کوردستان روودەدات و روون کردنەوەی حەقیقەتی بارودۆخی پر ناسۆری کورد بە گشتی و ئیسلامیانی کوردستان بە تایبەتی ، وە هاندانی موسوڵمانانی کوردیش بۆ لەسەر کردنەوەو پشتگیریی کردنی موسوڵمانانی جیهان و لایەنگریی کێشە رەواکانیان و بڵاو کردنەوەی هەواڵ و هەڵوێستەکانیان و یارمەتیدانیان لە ململانێی مانەوەو مافیان بە گوێرەی توانا ..

8ـ پێگەیاندنی ئەندامانی ژوور لەسەر شوراکردن و ئازادی را دەربرین و فرەبۆچوونی و راجوێیی و ئەدەبی گفتوگۆو بەرهەڵست کردن و ڕێگرتنیان لە گیانی تاکرەوی و ستەمی دیکتاتۆری تاك و کۆمەڵ ..

چوارەم : پەیکەری ئیداریی

ماددەی پێنجەم : كۆنگرەی گشتی : بەرزترین دەسەلاتی ژوورەو هەر ساڵی جارێك بۆ پێداچوونەوەو سۆراغ و هەڵسەنگاندنەوەی كارەكانی ساڵی رابوردوو و دارشتنەوەی نەخشەی ساڵی داهاتوو دەبەسترێت ، هەر لەم كۆنگرەی گشتیەدا دەستەی نوێی ئیداری هەڵدەبژێررێت كە بەرپسێتی كاروباری ژوور لە دەستەی كۆن وەردەگرێت و بە ئاشكرا پەیمان دەدات ئەو بەرپسێتیە كارامانە سەرراستانە بگرێتە ئەستۆ ..

ماددەی شەشەم : دەستەی باڵا : ئەو كۆمەڵە برایەن كە لە سەرەتاوە ژووریەكەیان دامەزراندووە ، هەروەها ئەو ئەنادامە كارایانەش كە مەرجی ئەندامێتی ئەم دەستەیان تێدا هاتۆتە دی ، ئەم دەستەیە لە بارودۆخی ئێستادا پێنج كەس بن ..

ماددەی حەوتەم : ئەرك ومافی دەستەی باڵا :

1 ـ هەموو بەیان و روون كردنەوەی هەڵوێستێكی سیاسی و كۆمەلایەتی ژوور لەم دەستەیەوە دەردەچێت .

2ـ حەسمی ناوكۆییەكانی ئەم دەستەیە ئاراستەوانی گشتی ژوور دەیكات كە یەكەمین دەنگی هێناوە .

3ـ ئەندامانی دەستە بۆیان هەیە خۆیان بۆ هەموو پلەو شوێنێكی ژوور بپاڵێون ، ئەمەش تەزكیەی كەسی ناوێت ..

4ـ ئەندامانی دەستەی باڵا بۆیان هەیە بە ناوی نهێنی و ئاشكرا لە ناوەختدا بچنە كۆبوونەوەو كۆرو دەرسی ژوور .

5 ـ بەرپرسی دەستەی باڵا سەرپەرشتیاری گشتی ژوورەكەیە .

ماددەی حەوتەم : دەستەی ئیداریی : دەزگای راپەراندن و سەرپەرشتیاری چالاكیەكانی ژوورە ، مانگی جارێك كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات :

1ـ ئاراستەی ئەندام و دەزگاكان دەكات و سۆراغی جێبەجێكردنی بریارەكان دەكات و لە هۆی رانەپەراندنیان دەكۆڵێتەوە و سەرپێچەكان بەدەستەی باڵا دەناسێنێت تا سزای لێپرسینەوەی لەسەر بكرێت و ئەگەر پێویستی كرد سزای شیاوی بەرامبەری بۆ دەركات ..

2ـ دەستەی ئیداریی ساڵانە لە كۆنگرەی گشتیدا دیاری دەكرێن لەو پاڵێوراوانەی دەستەی باڵا رەزامەندی لەسەریان دەربریووە ، ئینجا لە نێوان كاندیدەكاندا هەڵدەبژێررێن و كاری خۆیان پێ دەسپێررێت ..

3ـ ژمارەی دەستەی ئیداریی بە گوێرەی شوێن و پلەو پێداویستی ژوور زیادو كەم دەكرێت ..

4ـ دەستە پابەند دەبێت بە هەموو بریارەكانی دەستەی باڵاو كارەكانی لەبەر رۆشنایی ئاراستەی دەستەی باڵادا گەلاڵە دەكات و رایدەپەرێنێت ..

5ـ دەستەی ئیداری بەرپرسە لە ئامادە كردنی راپۆرتی ساڵانەی چالاكیەكانی ژوور تا لە كۆنگرەی گشتیدا بخوێنرێتەوە ..

6ـ ئەگەر كۆنگرەی گشتی لە كاتی ئاسایی خۆیدا نەگیرا ، دەستەی ئیداریی بۆی هەیە بەردەوام بێت لەسەر كاری خۆی تا دەستەیەكی نوێی ئیداریی دیاری دەكرێت ..

7ـ دەستەی ئیداریی نابێت لە حەوت كەس كەمتر بێت ، ئەگەر ئەندام نەبوو دەبێت دەستەی باڵا ئەو كەلێنە پر كەنەوە ، تا ئەندامی شیاو دەستەبەر دەبێت ..

8ـ ئەگەر كۆنگرەی گشتی گیراو دەستەی ئیداریی نوێ هەڵبژێررا ، دەبێت دەستەی ئیداریی پێشوو هەرچیەکی لە ئەستۆدایە تەسلیم بە دەستەی ئیداریی نوێی بکات .

9 ـ دوای بەستنی کۆنگرەی گشتی بە دوو مانگ لە هەموو حاڵەتێکدا رەسمیەتی دەستەی ئیداریی پێشوو نامێنێت .

ماددەی هەشتەم : دەزگا ئیداریەکان :

1ـ سکرتاریەتی ژوور : ئەندامێکی دەستەی ئیداریی بەڕێوەبەرێتی و دوو ئەندامی تریشی لەگەڵدا دەبن ، پەسەندترە کە یەکێکیان لانی کەم عەرەبی بزانن .. سکرتاریەتی ژوور سەرپەرشتی هەموو کاروبارە ئیداریەکان دەکات ، وەك نامە گۆرینەوەو ئامادە کردنی راپۆرتی وەرزی و ساڵانەی ژوورو نوسینەوەی خاڵی کۆبوونەوەکان ..

سکرتاریەت لێپرسراوی ئاگادارکردنەوەی کات و شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامان و بەرپرسی پاراستنی تیانووس و کەلوپەلەکانی ژوورە ..

هەر کاروبارێکی دارایی هاتە پێش سکرتارییەت کەسێکی خۆی بۆ دیاری دەکات و بەرپرسێتی ئەو جۆرە کارانەی دەخاتە سەر شان و دەیکاتە ژمێریار (موحاسیب)ی دارایی ..

2ـ لیژنەی پەیوەندی : ئەندامێکی دەستەی ئیداریی بەرپرسی پەیوەندیەکانی ژوورەو دوو کەسی دیکە یاریدەدەری دەبن ، باشتر وایە یەکێکیان زمانی عەرەبی بزانێت ، هەروەها ئینگلیزی .. ئەم بەشە سەرپەرشتی پەیوەندیەکانی ژوور دەکات ، کارەکانیشی لە دوو بازنەدایە :

ر ـ پەیوەندیەکانی ناوخۆ : بۆ پەیوەندی و هاریکاریی نێوان ئەندامانی ژوورو میوانەکانی .

ب ـ پەیوەندیەکانی دەرەوە : بۆ پەیوەندی بەستن بە تاك و كۆرو کۆمەڵی موسوڵمانانی تر ، کەس بن ، یان ژوور یان سایت و کۆرو مزگەوت و کۆمەڵکاریی دیکە .

3 ـ لیژنەی راگەیاندن : ئەندامێکی دەستەی ئیداریی بەرپرسی راگەیاندنی ژوورەو سێ کەسی دیکە یاریدەدەری دەبن ، باشتر وایە یەکێکیان زمانی عەرەبی بزانێت ، هەروەها ئینگلیزی .. ئەم بەشە سەرپەرشتی هەموو شتێکی راگەیاندنەکانی ژوور دەکات .. ئەرکی ئەم لیژنەیە هۆشیار کردنەوەو چاوکردنەوەی ئەندامانی ژوورەو دەبێ لەبەر رۆشنایی دەستورو بریارەکانی دەستەی باڵای ژووردا ئەندامان ئاراستە بکات ، لیژنە لەم بەشانە پێك دێت :

ر ـ بەشی رۆژنامەگەریی . ب ـ بەشی سۆراغی ژووری ئیسلامی ،

ج ـ بەشی سۆراغی ژووری نا ئیسلامی د ـ بەشی داهێنانی هونەریی .

4 ـ لیژنەی پەروەردەو فێرکردن : ئەندامێکی دەستەی ئیداریی بەرپرسی ئەم لیژنەیەو دوو کەسی دیکە یاریدەدەری دەبن . ئەم لیژنەیە سەرپەرشتی هەموو کاروبارەکانی پەروەردەو فێربوونی ژوور دەکات ، ئەم بەشانە دەگرێتە خۆ :

رـ بەشی ئامادە کردنی بەرنامە . ب ـ بەشی دەرس و مامۆستایان . ج ـ بەشی خێزان .

5.لیژنەی سۆراغ وهەڵسەنگاندن: ئەندامێکی دەستەی ئیداری سەرپەرشتی ئەم لیژنەیەو دوو کەسی تر یاریدەدەری دەبن, ئەم لیژنەیە سەرپەرشتیاری سۆراغ کردن وهەڵسەنگاندنی چالاکی ژوورەکە دەکات, هەروەها لەسکالآکان دەکۆڵێتەوەو ناکۆکیەکان چارەسەر دەکات. هەرچی لێرە چارەسەر نەکرا یان لایەنێك پێی رازی نەبوو سکالآکە لەگەل مەلەفی کێشەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ دەستەی باڵآ.

6.لیژنەی ئەدمینەکان:

ماددەی نۆیەم : ئەندامی گشتی شورا : ئەندامێکی دەستەی ئیداری سەرپەرشتی ئەم لیژنەیەو دوو کەسی تر یاریدەدەری دەبن, ئەم لیژنەیە سەرپەرشتی کاروباری ئەدمینەکان دەکات وەکو پلەکاری ئاستی ئەدمین, کردنەوەی خولی پێویست بۆ ئەدمینی نوێ وە هەروەها.

ئەو ئەندامەی کە بۆ دەستەی ئیداریی هەڵبژێرراوە بەڵام بێ پۆست ماوەتەوە دەبێتە راوێژکارو چاودێر ، ئەم ئەندامانە بریکاری هەر بەرپرسێکە کە لە کارەکەی خۆی نامێنێت یان دەستەی باڵا داوای لێ دەکات بەرپرسێتیەك بە شێوەی کاتیی بگرێتە دەست . بەردەوام ئاراستە دەکرێت بۆ پێگەیاندن و ناسینی هەموو بوارەکان.

پێنجەم : هەڵبژاردن

ماددەی دەیەم : ژوور شێوازی هەڵبژاردنی گشتی دەگرێتەبەر بەو هیوایەی چاکترینەکان ـ کە بەرای زۆرینە شیاون ـ بگەنە پلەی بەرپرسیارێتی و ئاستی خاوەن هیممەتان ، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت ( بێ گومان لە دوای کۆنگرەی گشتی کار بەم مادەیە دەکرێت ) :

1ـ لیژنەی سکرتارێتی دەستووری ژوور و تەعلیماتی هەڵبژاردنەکەو لیستی پاڵاوتن پێش دوو مانگ لە دەست پێکردنی کۆنگرە دەنێرێت بۆ هەموو ئەندامان .

2ـ ئازادی تەواو دەدرێت بە هەموو ئەندامان تا خۆیان یان کێیان پێ شیاوە بیپاڵێون بۆ ئەندامێتی دەستەی ئیداریی مادام مەرجە یاساییەکانیان تێدا بێت .. پێشتر دەبێت لیستی پاڵاوتن لە لایەن پاڵێوراوانەوە پر بکرێتەوەو پێش دەست پێکردنی کۆنگرە بە مانگێك گەیشتبێتە سکرتارێتی .

3ـ سێ کەس بۆیان هەیە خۆ بۆ بەرپرسێتی هەر لیژنەیەك بپاڵێون ، ئەندامانی کۆنگرە یەکێك لەو سێ کەسە هەڵدەبژێرن ، هەر کەسێك زۆرترین دەنگی هێنا دەبێتە بەرپرسی ئەو لیژنەیە ..

4ـ هەموو پاڵێوراوێك دەتوانێت بۆ سێ لیژنە خۆی بپاڵێوێت .

5ـ چوار کەس بۆیان هەیە خۆ بۆ سەرپەرشتیاری گشتی ژوور بپاڵێون کەپێشتر یەك لەسەر چواری کۆنگرەواناں دەنگیان بۆ دابن .

6 ـ ئەو کەسانەی خۆیان بۆ سەرپەرشتیاری گشتی ژوور دەپاڵێون مەرجە دوو ساڵ خزمەتی ژووریان کردبێت .

7ـ سکرتارێتی دەبێت پێش کۆنگرەکە بە مانگێك ئەندامانی ژوور لە کات و شوێنی کۆنگرەکە ئاگادادر بکاتەوە ، ژووریش بەردەوام ئەو ئاگاداریە بۆ هەمووان بڵاو دەکاتەوە ..

8ـ هەموو ئەندامێك بۆی هەیە لەگەڵ هاورایانی خۆی تەکەتوول دروست بکات .

9 ـ هەموو پاڵێوراوو خەت و تەکەتوولێك ئازادە لە چۆنیەتی پروپاگەندە بۆ خۆی و پاڵێوراوەکانی ، هەروەها بە روون کردنەوەی پلان و نەخشەو بەرنامەی داهاتووی خۆی بۆ بردنەوەی زۆرینەی دەنگەکان ، بێ ئەوەی تانەو تەشەر لە لایەنی تری کێبرکێی بدات ..

10 ـ کەمینە تەسلیم بە رای زۆرینەی سەرکەوتوو دەبێت و بۆی نیە سەرپێچی لە بریارە یاساییەکانی ژوور بدات . دەشتوانێت وەکو بەرهەڵستکاریی رەسمی تا کۆنگرەو هەڵبژاردنی داهاتووی ژوور خەڵکی بۆ خۆی کەسب بکات .

11 ـ ئەگەر هەڵبژاردن تانەی یاسایی لێدرا و کۆمەڵێك ئەندام گومانی خۆیان لە ئەنجامەکە بە بەڵگەوە بۆ دەستەی باڵا سەلماند ، ئەو کاتە بەم مەرجانەی خوارەوە هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە :

ا ـ ماوەی سێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی تانە لێدراودا تێپەر ببێت .

ب ـ دەبێت یەك لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە رەزامەندی دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکەیان دەربریبێت ..

12 ـ ئەوانەی دەبنە ئەندامی کۆنگرەی گشتی ئەمانەن :

ا ـ ئەندامە كۆنەكانی ژوور.

ب ـ هەر كەس بە رەسمی داوای كردبێت ببێتە ئەندامی ژوورو رەزامەندی دەستەی باڵای بەدەست هێنابێت .

ج ـ هەر كەس شەش مانگ بەسەر داوای رەسمی ئەندامێتیدا تێپەر بوویێت و وەڵام نەدرابێتەوە ، دەبێتە ئەندامی رەسمی كۆنگرە ، بەو مەرجەی بە رەسمی تەسلیم كردنی داواكەی بە ئیدارەی ژوور  یان بە دەستەی باڵا گەیشتبێت .

13 ـ كەس لە جێی كەس نابێتە ئەندامی كۆنگرە .

14 ـ هەموو جۆرە غەشێك بكەرو هاوكارانی لە ئەندامێتی ژوور تا یەك ساڵ مەحرووم دەكات .

شەشەم : سزاكان

ماددەی یازدەیەم : ژوور بۆ چارەسەری سەرپێچی ئەندام لە سەرەتاوە سیاسەتێكی هێمنانەی برایانەو وەبیرهێنانەوەی قیامەت و لۆمەكردن دەگرێتە بەر ، پاشان دەچێتە سەر ئەم سزایانە :

یەكەم  " گلەیی ( العتاب ) بەر ەسمی دەكرێت لە ":

1 ـ ئەندامی هەر دەزگایەكی ژوور ، ئەگەر لە ماوەی مانگێكدا لە دوو بەڵێنی رەسمی كۆبوونەوەو دەرس ووتنەوە بێ بەهانەی شەرعی دوابكەوێت .

2 ـ هەر كەس زارگۆتن ( لەهجە )  یان ناوچەیەك یان تیرەو هۆزێك یان خەت و لیستی خۆی بە چاكتر و گرنگتر بناسێنێت بە شێوەیەك كە فیتنەو شیرازەپسان و لاوزای ژوورەكەی لێ بكەوێتەوە

دووەم : تەمێ ( ئینزار ) بە نووسین دەدرێت بە :

1 ـ هەر كەسێك بێ بەهانەی شەرعی ئەو كارەی ئەنجام نەدابێت كەپێی سپێررابوو لە نووسینی راپۆرتێكەوە بێت یان دەرس ووتنەوە یان كردنەوەی ژوورو شتی تری وا ..

2ـ ئەگەر دوو جار ( گلەیی ) وەرگرتبێت .

3ـ گومانی پارە ماشینەوەو چاتی نامەحرەمانەو خراپ بەكار هێنانی شتێكی ژوورەكەی بۆ هێنانەدی حەزو بەرژەوەندی خۆی كردبێت .

4ـ ئەگەر داوای لێكرابوو دەرسێك بڵێتەوە ، یان ئەدمین بێت و رەزامەندی دەربریبێت ، ژوورەكەش ئەوەی راگەیاندبێت ، بەڵام ئەم پەشیمان بوویێتەوەو ژوورەكەی تێدا ئیحراج بوویێت .. ( ئەم سەرپێچیە چاوپۆشی لێ دەكرێت ئەگەر كابرا پێش شەش سەعات لە كاتە دیاری كراوەكە هەواڵی دایە ئیدارە كە بە هانەی شەرعی هەیەو ناتوانێت ئەو كارە ئەنجام بدات ..

5 ـ ئەگەر سەلما كە بە هۆی كەمتەرخەمی ئەوەوە كارێكی گرنگی ژوورەكە پەكی كەوتووە .

سێیەم : هەڵپەساردنی ئەندامێتی بۆ ماوەی 3 ـ 6 مانگ : بە نووسین دەدرێتە :

1ـ ئەو كەسەی كە بسەلمێت كە بەئەنقەست (عمدا) كاری ژووری لە ناو خەڵكیدا یان لە دائیرەیەك رەسمی پەك خستووە ، یان دواخستووەو ژوورەكەش بەم كارە زیانێكی مام ناوەندی لێ كەوتووە ..

2ـ ئەگەر پێشتر دوو تەمێی بۆ چووبوو .

3ـ ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکی ناحەزدا بەست بێ ئەوەی دەستەی باڵای رازی بووبێت .

چوارەم : سزای دارایی :

دەدرێتە ئەو کەسەی بە ئەنقەست زیانێکی وای لە ژوورەکە دابێت کە بە پارە چاك بکرێتەوە ، ئەو کاتە هەم دەبێت بیبژێرێتەوەو هەم سزایەکی پارەشی دەکەوێتە سەر کە لە بیستو پێنج یۆرۆ زیاتر نەبێت ..

پێنجەم : دەرکردن : بە نوسین دەدرێتە ئەو کەسە :

1 ـ جاسووسی لەسەر ئەندامانی ژوورەکە بۆ حکومەتێك یان لایەنێکی کافر کردبێت ، با جارێکیش بێت و بە نەزانیش بێت .

2 ـ بوویێتە مایەی فیتنەی نێوان ئەندامانی ژوورەکەو سزاکانی وەرگرتبێت و گوێی پێ نەدابێت .

3ـ ژوورەکەی بێ رەزامەندی دەستەی باڵای بۆ پارەپەیدا کردن و بەرزکردنەوەی کەسایەتی خۆی بە ناهەق بەکار هێنابێت ، یان لە جێیەك پلەو پایەی سیاسی و حزبی و ئیداریی پێ پەیدا کردبێت .

4ـ کەسێك ژوورەکەی وا ئیستیغلال کردبێت کە تین و فشاری یاسایی یان موخابەراتی یان کۆمەڵایەتی شوێنێکی کەوتبێتە سەر بە شێوەیەکی وا کە ژوورەکەو ئیدارەی تووشی دەردەسەریی یاسایی یان ئەمنی کردبێت .

5 ـ ئەگەر بووە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ناوچەیەك یان وڵاتێك کە زۆرینەی ئەندامانی ژوورەکەی تێدا تووشی تین و فشاری حکومەتان کردبێت .

6ـ ئەندامی دەرکراو دوای دوو ساڵ جارێکی تر بۆی هەیە بێتەوە بە ئەندامی ژوور .

7ـ هەر ئەندامێك دەرکرا ، بەرپرسە لە پاراستنی ئەو نهێنیانەی کاتی ئەندامێتی ژوور بەردەستی کەوتوون ، بۆی نیە لە هیچ بۆنەیەکدا کەشفیان کات یان بیانکاتە تین و فشارە مەبەستی تریان پێ بهێنێتە دی ، ئەگەر وای کرد بەرپرسێتی یاسایی ئەو وڵاتەی کە لێی دەژی و لێپرسینەوەی شەرعی موسوڵمانانی دەکەوێتە سەر ، دەشێت سکاڵای یاسایی لە هەردوولاوە لەسەر تۆمار کرێت .

حەوتەم : ئەندامێتی

پلەی یەکەمی ئەندامێتی رەسمی ژوور دەدرێتە ئەو کەسەی کە داواکاریەکی رەسمی بە نووسین دابێتە دەستەی باڵا یان ئیدارەی ژوور ، لەم حاڵەتەدا وەڵامی پێ دەگاتەوە ، ئەگەر شەش مانگ بەسەر بەرواری گەیشتنی داواکەیدا تێپەری و وەڵامی نێگەتیفی وەرنەگرتبۆوە دەبێتە ئەندام .

پلەی ئەندامێتی ژوور ئەمانەن :

یەکەم: ئەندامی ئاسایی : ئەو کەسەیە کە لیستی ئەندامێتی پر کردۆتەوەو شەش مانگ بەسەریدا تێپەریووە ، مەرجە دوو کەسی سەرووتر تەزکیەی کەن .

ئەرکی : بری دە یۆرۆ مانگانە دەداتە بەیتولمالی ژوور.

مافەکانی :

1ـ بەشداریی هەموو کۆبوونەوە گشتیەکان دەکات و راوبۆچوونی خۆی لە موناقەشەو لێکۆڵینەوەکاندا دەردەبرێت .. بەشداری کۆنگرەی گشتی دەکات و مافی دەنگدان وخۆپاڵاوتنی هەیە

2 ـ دیاری و هەندێك لە بەرهەمەکانی ژووری بۆ دەچێت .

دووەم : ئەندامی چالاك : ئەو کەسەیە کە بە لایەنی کەمەوە ساڵێکی لە قۆناغی ئەندامێتی ئاساییدا تەواو کردبێت و بەردەوام هاوکاری ژوورەکەو ئاراستەو رەوتی کردبێت .

ئەرکەکانی :

مانگانە بری پازدە یۆرۆ دەداتە بەیتولمالی ژوورەکە .

مافەکانی :

1ـ بەشداری هەموو کۆبوونەوە گشتیەکان دەکات .

2ـ هەموو بلاو کراوەکانی ژووری بۆ دەچێت .

سێیەم : ئەندامی کارا : ئەو کەسەیە کە دووساڵ زیاترە لە چالاکی و ئاراستەو رەوتی ژوورەکەدا بەشدار بووەو بە کەسێکی خەمخۆری ئیسلام و پابەندو دڵسۆزو سەرراستی ژوور ناسراوە .

ئەرکەکانی :

1ـ مانگانە بری بیست یۆرۆ دەداتە بەیتولمالی ژوور .

2ـ نابێت لەماوەی ساڵێکدا لە سێ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەك دوا کەوێت ، مەگەر بە بەهانەیەکی شەرعی . دەنا ئەندامێتی کارای لە دەست دەچێتەوەو دەبێتەوە بە ئەندامی چالاك .

مافەکانی :

1ـ هەموو بڵاو کراوەکانی ژووری بە خۆرایی بۆ دەچێت .

2ـ بەرهەمی تری نوسراوی بۆ دەچێت .

3ـ ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا هاتە دی ، دەبێتە ئەندامی دەستەی باڵا :

ا ـ ئەگەر لە کۆنگرەی گشتیدا بۆ دەستەی ئیداریی دەرچووبوو .

ب ـ ئەگەر دوو ساڵی ئەندامێتی ژوور بردبووە سەر .

ج ـ ئەگەر چوار سزای یەکەمین نەدرابوو ، یان بە هەڵپەساردنی ئەندامێتی سزا نەدرابوو ، ئەگەر درابوو مەرجە سێ ساڵ ئەندامێتی پر بکاتەوە .

د ـ ئەگەر رەزامەندی 3/2 ئەندامانی دەستەی باڵای بۆ بەرز کردنەوەی پلەکەی بەدەست هێنا .

چوارەم : ئەندامی دەستەی باڵا : ئەو کەسەیە کە لە هەنگاوەکانی یەکەمی دامەزراندنی ژوورەوە چالاکانە بەشداری کردووەو دوو ساڵی بە لایەنی کەمەوە لە خزمەت کردندا بردۆتە سەرو لە هەڵبژاردنی کۆنگرەی گشتیشدا دەرچووە . هەر سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەیەکی هەیە .

ئەرکەکانی :

1ـ مانگانە بری سی یۆرۆ 30 دەداتە بەیتولمالی ژوور .

2ـ نابێت لە ماوەی ساڵێکدا دوو کۆبوونەوە لەسەر یەك بە بێ بەهانەی شەرعی دوا بکەوێت .

3.بەناوی ئەسڵی خۆی وناونیشانی ئێستای لەلای سەرپەرشتیاری ژوور ناسراو بێت

مافەکانی :

1ـ لە هەموو هەڵبژاردنێكی گشتیدا بۆی هەیە بێ تەزكیەی كەس خۆی بۆ هەر ئاست و شوێنێكی ژوور كە دەیەوێت ، بپاڵێوێت . ئەگەر لە دوو كۆنگرەی گشتی یەك لە دوای یەكدا دەرنەچووە ئەم مافەی نامێنێت .

2ـ تەزكیەی ئەندامی باڵا بە تەنها بۆ هەموو ئاستەكان بەسە .

3ـ هەر مەسروفێكی بۆ بەشداریی كۆنگرەی گشتی كرد دەیدرێتەوە بە مەرجێك بەیتولمال بیست ئەوەندەی مەسروفەكەی ئەو بێت . ئەگەر نا نیوەی پێ دەدرێتەوە .

4ـ راپۆرتی مانگانەی دەربارەی گەشەو نەشونمای ژوور بۆ دەچێت .

5ـ هەواڵی چالاكیەكانی لە ژوورو دەزگای تردا بۆ بڵاو دەكرێتەوە ، بەو شێوەیەش دادەرێژرێت كە خۆی پێی رازیە .

هەشتەم : تێبینیە گشتیەكان

1ـ ئەندامێتی بە ئابوونەوەیە ، ئەگەر كەسێك لە ساڵێكدا پێنج مانگ ئابوونەی نەدا لەو ئاستەی تێیدایەتی پلەیەك دێتەوە خوارەوە .

2ـ هەر ئەندامێك مانگێك ئابوونەی نەدا مانگێك لە ئەندامێتیەكەی كەم دەبێتەوە ، بۆی هەیە پێش تەواوبوونی شەش مانگ بەسەر نەدانی ئابوونەكەیدا بیدات و مانگانەی ئەندامێتیەكەی بۆ بگێررێتەوە ، ئەگەر هەشت مانگ بەسەر نەدانی ئابوونەدا تێپەر بوو دەبێ بدرێت و نیوەی ماوەی ئەندامێتیەكەش لەدەست دەچێت ، ئەگەر ساڵێك بەسەر نەدانی ئابوونەدا تێپەری ئەندامەكە قەرزار دەمێنێتەوەو بە دانەوەی قەرزەكە هیچ ماوەیەكی ئەو ئەندامێتیەی بۆ ناگەرێتەوە كە ئابوونەكەی تێدا نەداوە .

3ـ مۆڵەتی مانگ پێش هەفتەیەك وەردەگیرێت .

4ـ ئەندامی دەستەی ئیداریی نابێت پلەی لە ئاستی ئەندام كارا كەمتر بێت .

5 ـ هەر دەزگایەك بە رەزامەندی دەستەی باڵا لە ژوور جوێ بكرێتەوە هەمان تەعلیمات و پەیكەری ئیداریی وەردەگرێت و سەر بە هەمان دەستەی باڵا دەبێت .